مەسرور بارزانی: پێشوازی لە ڕێککەوتنەکەی دیمەشق و هەسەدە دەکەین

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، پێشوازی لە ڕێککەوتنەکەی نێوان حکومەتی دیمەشق و هەسەدە دەکەن و هیوادارن ڕێککەوتنەکە فراوانتر بکرێت و ببێتە مایەی ئاشتی و سەقامگیری و پێشکەوتن بۆ هەمو سوریا بەتایبەت ناوچە کوردییەکان.

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ هەینی، لە پەیامێکدا وتیە"پێشوازی لە ڕێککەوتنی حکومەتی سوریاو هەسەد دەکەین و هیوادارین ئەم ڕێککەوتنە، فراوانتر بکرێت و ببێتە مایەی ئاشتی و ئازادی زیاترو سەقامگیری و پێشکەوتن بۆ هەمو سوریاو بەتایبەتی ناوچە کوردییەکان و ببێتە سەرەتایێک بۆ دابینکردنی مافە ڕەواکانی هەمو پێکهاتەکانی سوریا و ڕەگە خێش بکات بۆ گەشانەوەی سەربەرزانەی ئاوارەکان بە مال و زێد و ناوچەکانی خۆیان."

ئاماژەی بەوەشداوە، پشتیوانی گەلی کوردستان لە هەمو جیهان و بە تایبەتی ڕۆی مەسعود بارزانی، لە کەتاییهێنان بە گرژییەکان و گرتنبەری ڕێگەی دایلۆگ بە چارەسەریی بنەڕەتی کێشەکان، جێگەی شانازییە.

مەسرور بارزانی وتوشیەتی، ڕێز و پێزانینمان هەیە بە ڕێبەری سەرۆک و حکومەت و نوێنەر و کۆنگرەسی ئەمەریکا و وڵاتانی دەست لە کوتاییهێنان بە گرژییەکان و پشتیوانیکردنی مافە ڕەواکانی هەمو پێکهاتەکانی سوریا و سەقامگیریی لە ناوچەکە.